# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کوردی ٢٠٢٤ی زایینی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمــارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کــوردی ٢٠٢٤ی زایینــی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

**حەمەسەعید حەسەن کەریم**

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# فۆرم و جۆرەکانی گۆرانی لە موزیکی کوردیدا

م. أبوبکر خالد احمد
بەشی موزیک - کۆلێژی هونەرە جوانەکان - زانکۆی سەڵاحەددین
bakr.xald@gmail.com

پ.ی.د. هەیسەم شەعوبی ئیبراهیم
بەشی پەروەردەی هونەری، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی موستەنسەرییە
Hathamshaoobi54@gmail.com

پ.د. ڕزگار محمد شێخ محمد
بەشی موزیک - کۆلێژی هونەرە جوانەکان - زانکۆی سەڵاحەددین
rizgar.shikhmohamad@su.edu.krd

**پوختە:**

ئـەم توێژینەوەیـە لەسـەر ڕێبـازی مێژوویـی و وەسـفی ئەنجـام دراوە بـە شـێوەیەکی زانسـتی، ناوەڕۆکـی ئـەم توێژینەوەیـە لـە چەنـد بابەتێـک پێـک هاتـووە: بابەتـی یەکـەم تایبەتـە بـە جـۆر و پێکهاتـەی فۆرمـی موزیـک بـە شـێوەیەکی گشـتی و دواتـر بـاس لـە بنەمـا و شـێوازی داڕشـتنی فۆرمـی موزیـک کـراوە. هەروەهـا باسـی فۆرمـی موزیکـی کلاسـیکیی ئەوروپـی کـراوە، وەکـو فۆرمەکانـی (سـترۆفیک، باینـەری، تێرنـەری، ڕۆنـدۆ، سـۆناتە). بابەتـی دووەم، بریتییـە لـە فـۆرم و جۆرەکانـی گۆرانـی لـە موزیکـی کوردیـدا کـە ئـەم بەشـانە لـە خـۆ دەگرێـت: گۆرانیـی فۆلکلۆریـی کـوردی، دوو جـۆری سـەرەکی هەیـە، گۆرانیـی کێشـدار و ڕیتـم سەربەسـت، لـە فۆرمـی گۆرانیـی ڕیتـم سەربەسـتدا بـاس لـەم فۆرمانـە کـراوە: حەیـران، بەیـت، لاوک، قەتـار، سـیاچەمانە، ئەڵاوەیسـی. بابەتـی سـێیەم باسـی گۆرانیـی دانـراو و خەسـڵەتەکانی کـراوە و جۆرەکانیشـی خراونەتـە ڕوو کـە بریتییـن لـە دوو پۆلـی سـەرەکی: گۆرانیـی هونـەری (Art Songs) و گۆرانیـی گـەل ( Pop song). ئامانجـی ئـەم توێژینەوەیـەش ناسـاندن و پێناسـی فـۆرم و جۆرەکانـی گۆرانیـی کوردییـە لـە ناویشـیاندا گۆرانیـی دانـراو.

کلیلەوشە: فۆرم، جۆرەکانی گۆرانی، موزیکی کوردی، گۆرانیی دانراو.

**١.١.پێشەکی**

هونـەری موزیـک و گۆرانـی بەشـێکی گرنگـی مێـژوو و کولتـوور و میراتــی مرۆڤــە، بــەو پێیــەی کــە ئامرازێکــە بــۆ دەربڕینــی هەســت و ســۆزی مــرۆڤ لــە ڕێگــەی فۆرمــی جۆراوجــۆری مێلـۆدی و ڕیتمـەوە. بەدرێژایـی مێـژوو و تێپەڕبوونـی کات، ئـەم فۆرمانــە وردە وردە لەگــەڵ گۆڕانــی واقیعــی ژیانــدا گەشــەیان کــردووە. لــە ئەنجامــی کێبڕکێــی دەروونــی و دیالێکتیکــی بــۆ داهێنانــی ڕەســەنترین و گەشەســەندووترین جــۆری بەرهەمــی هونــەری، بۆیــە کاریگەرییــەکان بوونەتــە هۆکارێــک کــە تێڕوانینـی مـرۆڤ بـۆ هونـەری موزیـک و گۆرانـی بـە شـێوەیەکی زانسـتی و لەسـەر بنەمـای یاسـا و ڕێسـا و پرەنسـیپەکان بنیـات بنرێـن، بـە شـێوەیەک کـە چـووە نـاو هـزر و داهێنانـی تـاک و کۆمـەڵ، لـە دەربڕینـی بیـر و بۆچـوون و هەسـتەکانیدا، هونـەر بووەتــە پێناســەیەک بــۆ ناســینەوەی کولتــووری نەتــەوەکان، گۆرانــی و موزیکــی کوردییــش وەکــو گۆرانیــی نەتەوەکانــی دیکــەی جیهــان خاوەنــی فۆرمــی تایبــەت بەخۆیەتــی، هــەر شــێواز و جۆرێکــی ئــەو فۆرمانــە لەســەر بنەمــا و ڕێســای تایبــەت بــە خۆیــان پێــک هاتــوون و لــە ڕووی وشــە و ئــاواز و جــۆری مەقــام و ڕیتمــەوە لــە یەکــتر جیــاوازن و شــێوازی بنیاتنـان و دروسـت بوونیـان لـە یەکـتر جیـاوازن، بـە تایبەتـی لــە ناوچەیەکــەوە بــۆ ناوچەیەکــی دیکــە ئــەو جیاوازییانــە زۆر بـە ئاسـانی هەسـتیان پـێ دەکرێـت. لـەم توێژینەوەیـەدا چەنـد جۆرێـک لـە فۆرمـی گۆرانییـە هـەرە باوەکانـی باشـووری کوردســتان بــاس دەکەیــن کــە هــەر یەکێکیــان بەدرێژایــی مێــژووی دروســتبوونیان دەمــاودەم و ســینە بــە ســینە بــە ئێمـە گەیشـتوون لەگـەڵ هەندێـک گۆڕانـکاری لـە تێکسـت و تارادەیـەک لـە شـێوازی چڕینیـان.

**٢.١. کێشە و گرنگی توێژینەوەکە**

نەتــەوەی کــورد لــە بــواری هونــەر و بەتایبەتیــش لــە بــواری هونـەری موزیـک و گۆرانـی، خاوەنـی گەنجینەیەکـی دەوڵەمەنــدە. مێژووەکــەی دەگەڕێتــەوە بــۆ هــەزاران ســاڵ لەمەوبـەر، ئـەم کولتـوورە بـە شـێوەیەکی دەمـاودەم و لەگـەڵ هەندێــک گۆڕانکاریــدا بــە ڕۆژگاری ئەمڕۆمــان گەیشــتووە. بەپێـی جیاوازیـی ناوچـەی جوگرافـی و جۆراوجـۆری دیالێکتـی زمانـی کـوردی، موزیـک و گۆرانیـی شـێوە و فۆرمـی جیاجیـای بەخـۆوە بینیـوە. دوای گەشەسـەندنی کۆمەڵـگا و بڵاوبونـەوەی ڕۆشـنبیریی موزیـک و دروسـتبوونی تیـپ و گروپـی موزیـک، شــێوازی تــر دەرکەوتــن، یەکێــک لــەم شــێوازانە، گۆرانــی و موزیکـی دانـراوە، لـە دوای نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەم لــە نــاو گۆرانــی و موزیکــی کوردیــدا ســەریهەڵدا و گەشــەی ســەند. لەبــەر ئــەو گرنگــی و گەشــەندن و جۆراوجۆرییــەی لــە گۆرانــی و موزیکــی کوردیــدا ڕوویــان داوە، هەروەهــا بــۆ پاراسـتن و ناسـاندنی سـامانی نەتەوەیـی و کولتـووری موزیـک و گۆرانیـی کـوردی، توێـژەر بەپێویسـتی زانـی، توێژینەوەیەکـی زانسـتیی ئەکادیمـی لەسـەر فـۆرم و جۆرەکانـی گۆرانـی لـە موزیکـی کوردیـدا ئەنجـام بـدات.

**٣.١.ئامانجــی توێژینەوەکــە** ناســاندنی فــۆرم و گرنگتریــن فۆرمەکانــی موزیکــی کلاســیکیی ئەورووپــی بــە شــێوەیەکی گشــتی و خســتنەڕووی جۆرەکانــی گۆرانــی لــە موزیکــی کوردیــدا، هەروەهــا ناســاندنی خەســڵەتە هونەرییەکانــی گۆرانیــی دانــراو وەک پێکهاتەیەکــی هونــەری لەنــاو موزیــک و گۆرانیــی کوردیــدا.

**٤.١.ڕێبــازی توێژینەوەکــە** ئــەم توێژینەیــە لەســەر ڕێبــازی (مێژوویــی وەســفیی)ە، کــە وەســفی دیاردەیــەک، یــان ڕووداوێـک یـان شـتێکی دیاریکـراو دەکات، لەگـەڵ کۆکردنـەوەی زانیاریــی ڕاســت و تێبینییــەکان لەســەریان و وەســفکردن و خەمڵاندنـی بارودۆخـە گشـتی و تایبەتییـەکان، هەروەهـا بـە بەکارهێنانــی ســەرچاوە و ئەرشــیفە تۆمارکــراوەکان.

**٥٠١ سنوورەکانی توێژینەوەکە**

- **سـنووری جوگرافـی** : ئـەم توێژینەوەیـە تایبەتـە بـە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق.
- **سنووری مێژوویی** : ساڵی ١٩٥٠ تا ٢٠٠٠ز.
- **سنووری بابەتی:** گۆرانیی دانراوی کوردی.

**٢.چوارچێوەی تیۆری**

**١.٢. جۆر و پێکهاتەی فۆرمی موزیک**

بــە بنیــادی هــەر کارێکــی موزیکــی دەوترێــت، فــۆرم. فۆرمــی هــەر کارێکــی موزیکــی بەپێــی یەکەکانــی، لــە کارەکانیـتر جیـا دەکرێتەوە(بابینکـۆ، ١٩٩٨، ٥) فـۆرم ڕێگایەکـە بـۆ وەسـفکردنی پێکهاتـە، یـان شـێوەی پارچەیـەک موزیـک، واتـە شـێوازی دروسـتکردن، لـە بەشـە بچووکـە جیـاوازەکان.

(Hamilton, 2006, 2) فۆرمی موزیک، بە گوێرەی پێوەر و بنەمایەکی تایبەت دادەڕێژرێت، بە لەبەرچاوگرتنی چەند ڕێسا و یاسایەکی تایبەت بەو فۆرمە، وەکو فۆرمی سۆناتە و کۆنشێرتۆ و... هتد. ئەم فۆرمە گەورانە هەمیشە, لە فۆرمە بچوکەکانەوە دروست دەکرێن. موزیکدانەر بۆ گەیشتن بە موزیکێکی پوخت پێوستە نەخشە و پلانی هەبێت, تا بەگوێرەی ئەم نەخشەیە, موزیکەکە دابڕێژێت. لەکان و دابەشکردنی بەشەکانی نێو فۆرمەکە, کردارێکی ئاساییە لە موزیکدانانـدا. یەکە لەیەکچو و هەمەجۆرەکان لە نێو دانراوەکە دووبارە دەبنەوە (Jarrett and Day, 2008, 138). زۆربەی ئەو فۆرمە موزیکیانەی باسیان لەسەر کراوە زیاتر فۆرمە موزیکییە کلاسیکیە ئەورووپیەکانن.

**٢.٢ بنەما و شێوازی داڕشتنی فۆرمی موزیک**

فۆرم لە هەموو کولتووره موزیکییەکانی جیهاندا بابەتێکی گرنگە، جا چ موزیکی باو بێت، یان موزیکی سیستماتیکی داهێنەرانە. گرنگی فۆرمی موزیک لە چوارچێوەی جیاوازدا دەردەکەون. فۆرمەکانی موزیک پارمەتیدەری دانەر بوون، بۆ داڕشتنی بیرۆکە موزیکییەکانی بە شێوەیەکی لۆژیکی، هەروەها هەڵبژاردنی فۆرمی گونجاو بۆ بەرهەمە موزیکییەکان و بابەتگەلی جۆراوجۆر. بەم شێوەیە فۆرمەکانی موزیک، وردە وردە لە سەردەمی کلاسیکدا گەشەیان کرد، تا ستانداردی جێگیر و پابەندبوون بە فۆرمەوە بووبە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئاوازەکانی ئەم سەردەمە. (الشوان، ١٩٧٩، ١٢٠). بە شێوەیەکی گشتی فۆرمی موزیکی کلاسیکی ئەورووپی لە چەند فۆرمێک پێک دێت، وەکوو فۆرمەکانی (ستڕۆفیک، باینەری، تێرنەری، ڕۆندۆ، سۆناتە... هتد). کە لە خوارەوەدا هەندێکیان ڕوون دەکەینەوە.

**١٠٢٠٢ فۆرمی ستڕۆفیک (Strophic)**

ستڕۆفیک (strofʹik, stro-ʹfik). زاراوەیەکە گوزارشت لە پارچە موزیکێک دەکات. بریتییە لە یەک ڕستەی موزیکی کە چەندین جار لە دوای یەک دووبارە دەبێتەوە. ئەم شێوازە بە فۆرمێکی زۆر سادە و ساکاری موزیک هەژمار دەکرێت، چونکە هەموو پارچە موزیکەکە دووبارەکردنەوەی یەک تێمە ئەویش بابەتە سەرەکییەکەیە، بەڵام هەرجارە و بە تەکنیکێک دووبارە دەبێتەوە. زۆربەی سروودەکان و زۆرێک لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان لە فۆرمی ستڕۆفیکدان، (تێیدا بڕگەی وشە و موزیک هەمان درێژییان هەیە). (Ammer, 2004, 407). وشەی Strophe لە لێکۆڵینەوە کۆنەکانی (Attic) بە مانای هاوتابوون و بەرەوپێشچوون بە هەمان ئاراستە، گۆرانی لەگەڵ کۆرس دێت. هەروەها وشەکە گوزارشت لە کارێکی گەورەی موزیکی دەکات کە بەشەکان (period)ی یەکسان بن. بەمجۆرە جووڵە موزیکییانە دەگوترێت جووڵەی ستڕۆفی(Strophical).(زکریا، ٢٠٠٤، ٥١٠).




(فۆرمی ستڕۆفیک)

**٢٠٢٠٢ فۆرمی باینەری (Binary)**

فۆرمی دووانەیی (binary) فۆرمێکی سەرەکیی موزیکە، لە دوو بەش پێک دێت، A و B کە بەزۆری دووبارە دەبنەوە و فۆرمی (AA BB) دروست دەکەن. دوو بەشەکە (A و B) هەمیشە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە بەو پێیەی زۆرجار بەشی یەکەم لە تۆنیکەوە بۆ دۆمینانت دەگۆڕێت، وە بەشی دووەم بە ئاراستەی دواوە دەگەڕێتەوە، واتا لە دۆمینانت بۆ تۆنیک.

زۆربەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان (folk songs) و گۆرانییە هونەرییەکان(art songs)، هەروەها زۆر لە پارچەی کورتی موزیکی ئامێری(short instrumental works) دانراو، وەک سەما و مارش، لە فۆرمی دووانەییدان. (Ammer, 2004, 41)




(فۆرمی باینەری)

**٣٠٢٠٢ فۆرمی تێرنەری (Ternery)**

فۆرمێکی بنەڕەتیی موزیکە، لە سێ بەش پێک هاتووە، (A B A) بەشی سێیەم بە شێوەیەکی بنەڕەتی هاوشێوەی

یەکەمە. ئەگەر بە تەواوی یەکسان بێت، زۆرجار بەشی سێیەم نانووسرێتەوە، ڕێنمایی پێرفۆرمانس دەکرێت تەنیا بەشی یەکەم دووبارە بکاتەوە (بەزۆری بە دا کاپۆ، یان D.C نیشانە دەکرێت) ئەمە لە دا کاپۆ ئاریادا (da capo aria) هەروەها لە مینوێت (یان شێرزۆ) (minuet or scherzo) لەگەڵ تریۆ (trio) ڕوو دەدات. فۆرمی تێرنەری هەندێکجار بە هەڵە پێی دەوترێت فۆرمی گۆرانی، زیاتر لە موزیکی ئامێریی دەبینرێت نەک لە موزیکی دەنگی مرۆڤدا. زۆرجار لە پارچە کورتەکانی پیانۆدا بەرچاو دەکەوێت کە لە لایەن ئاوازدانەرانی سەدەی نۆزدەهەمەوە زۆر بە ناوبانگ بوون وەک نۆکتۆرن (nocturnes) و بالاد (ballades) و پرلیۆد (preludes).

(Ammer, 2004 .426)




(فۆرمی تێرنەری)

**٤٠٢٠٢ فۆرمی ڕۆندۆ (Rondo)**

وشەی ڕۆندۆ ناوێکی گشتییە و ئاماژەیە بۆ ئەو موزیکە دانراوانە (Composition) کە بە دووبارەبوونەوەی بەردەوامی شابەند (refrain [1]) جیا دەکرێنەوە. بە شێوەیەکی نۆرماڵ شابەند بەشێکی موزیکی تەواوە و لە ڕووی هارمۆنییەوە داخراوە. فۆرمی ڕۆندۆ بە شابەند دەست پێ دەکات و لانی کەم بەدرێژایی پارچە موزیکەکە دوو جار دەردەکەوێت. ئەو بەشەی دەکەوێتە نێوان دەرکەوتنەکانی شابەندەکانەوە پێی دەگوترێت زنجیرە(episode or Couplets). (گرین، ٢٠٢٢، ٢٦٣)

شێوازی دروستبوون و دارشتنی ئەم فۆرمە موزیکییە تێکەڵە: بە تێمێک دەست پێ دەکات و هەردەم لە گۆڕانکارییە. واتە تێمەکانی دیاریکراو نین و دەگەڕێتەوە سەر پێداویستیی پارچە موزیکەکە. هەندیک جار بە ناوی فۆرمی بازنەییش دەستنیشان دەکرێت، کە پێی دەگوترێت ڕۆندۆ (rondo). ئەویش تێمەکانی لەوانەیە بەم شێوەیە دروست بێت (ABACADA...). (ئۆکسفۆرد، 2007، 634) فۆرمی ڕۆندۆ بەشەکانی بە هەرەمەکی و بە گوێرەی هەستی دانەر بە دوای یەکتردا دێن، بەڵام تێمی سەرەتا، کە بە تێمی A، ناسراوە زیاتر لە هەموو بەشەکانی تر دووبارە دەبێتەوە. (Maus, 1991, 3).





(فۆرمی ڕۆندۆ)

**٥٠٢٠٢ فۆرمی سۆناتا (Sonata)**

دەکرێت سۆناتا وەک ژانرێکی دیایکراو مێژووەکەی بۆ ناوەڕاستی سەدەی شازدەم بگەڕێتەوە. لەو کاتەدا ستایڵ و تەکنیکی چانسۆنی فەرەنسی (French chanson) کە دانراوێکی موزیکی فرەدەنگییە، لەسەر لاساییکردنەوەی کاوەنتەرپۆینت بنیاد نراوە و لە کۆمەڵێک بەشی جیاواز پێک هاتووە، کاتێک سۆناتا لە چوار جووڵە پێک هاتبێت، کە بریتیین لە جووڵەی هێواش- خێرا- هێواش- خێرا، بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەدەی حەڤدەهەم و سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا لەلایەن دانەران تۆریللی(Torelli) و کۆریللی(Corelli) و هاندڵ (Handel) و باخ (Bach) و هەندێکی دیکەوە بەکار هاتووە. (گرین، ٢٠٢٢، ٢٦٣).

فۆرمی سۆناتا گرنگترین جۆری فۆرمی گەورەیە لە موزیکی ئامێریی سەردەمی کلاسیکدا. هەموو بەرهەمێکی فرەجووڵەیی (جگە لە کۆنسێرتۆ) لانی کەم یەک جووڵەی تێدایە کە بەم فۆرمە نووسراوە. بەڵام فۆرمی سۆناتا نەک تەنها بە هۆی فرێکوێنسیی بەکارهێنانییەوە گرنگە: زۆرێک لە تیۆرزانەکان بە بەرزترین و ئاڵۆزترین دیزاینی ئاوازدانانی ئەو سەردەمەی دەزانن. ئەو دیزاینەی کە ئاوازدانەران تیایدا گەورەترین لێهاتوویی تەکنیکی و توانای دەربڕینی خۆیان ئاشکرا دەکەن. جگە لەمەش، فۆرمی سۆناتا بەردەوام لەسەر پراکتیکی ئاوازدانان لە شێوازە موزیکییەکانی دواتردا کاریگەریی هەبوو، هەرچەندە وەک فۆرمێکی بژاردەیی مایەوە، لانیکەم تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، و زۆریش دەستکاری کراوە، (CAPLIN, 1998, 195). لە ڕووی ناوەڕۆک و پێکهاتەوە بە گشتی، فۆرمی سۆناتا بریتییە لە بۆتەیەکی موزیکی فراوان لە ناوەڕۆکی

چوار جووڵەی موزیکیدا، کە دارشتنێکی موزیکیی چڕ لە پشتییەوە دەبێت. هەر یەک لەو جووڵانە ناوەڕۆک و شێوەی دارشتنی موزیکی تایبەتیان دەبێت (فەرج، ٢٠٠٥: ١٦٤) مەبەست لە بۆتەی سۆناتا، بۆتەی تەنیا جووڵەی یەکەمی سۆناتایە و پێویست ناکات شێوەکەی بەسەر گشت جووڵەکانی تری سۆناتادا بسەپێنرێت. بە شێوەیەکی گشتی لەم بەشانەی خوارەوە پێک دێت: پێشەکی (Introduction) پێشکەشکردن (Exposition) پەرەسەندن (Devlopment) دووبارەی پوختە(Recapitulation) پاشەکی(Coda). (هاڵست، ٢٠٠٥، ٢٩٤)




(فۆرمی سۆناتە)

**٣٠٢ . فۆرم و جۆرەکانی گۆرانی لە موزیکی کوردیدا**

بەشێوەیەکی گشتی موزیک و گۆرانیی کوردی بەسەر دوو پۆلی سەرەکیدا دابەش دەبن کە بریتین لە: گۆرانیی فۆلکۆری (Folkloric Song) و گۆرانیی دانراو(Composed Song)

گۆرانیی کوردی

گۆرانیی فۆلکلۆری　　گۆرانیی دانراو

**١ . ٣٠٢ گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردی (Kurdish Folkloric Song)**

گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردی، پێکهاتەیەکی بنەڕەتیی موزیکی فۆلکلۆرییە و بریتییە لە ئاواز و گۆرانی بە هەموو جۆر و ڕووخسار و تایبەتمەندییەکانییەوە(زامدار، ١٩٨٠، ٥٣)

فۆلکۆری کوردی کەلەپوورێکی نەتەوەیی و ئەدەبییە و گۆرانی بەشێکی گەورەیە تیایدا. خاوەنی ئاواز و هۆنراوەی گۆرانیی فۆلکلۆری نادیارن، لە لایەن خەڵکی سادەی لادێ و دێهاتەکاندا لە ڕۆژگاری ڕابردوو دانراون و دەماودەم بە ئێمە گەیشتوون. لە بەر ئەم هۆکارە بە موڵکی گەل ناسراوە. خەسڵەتی موزیك و گۆرانیی فۆلکلۆری بەوە دەناسرێتەوە، لە لایەنی پێکهاتەی ئاوازەوە سادە و ئاسانن بۆ جێبەجێکردن. بۆیە موزیکی فۆلکلۆری، هونەرێکی داهێنەرانە و زانستی نییە، بەڵکو بەرهەمی بیرێکی سادەیە کە بێ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن لە کاتی ژیان و کاری ڕۆژانەی خەڵکی بە ڕیتم و مەقامی جیاواز دانراون. لە لایەکی تر، لە پێکهاتەی ئەم جۆرە گۆرانییانەدا گۆرانکاری لە میلۆدی، ڕیتم، هارمۆنی و پەیژەی موزیکیدا بەدی ناکرێت. و بە شێوازی (Monoton) دەوترێت (شارباژێری، ١٩٨٥، ٥٧-٥٨).

وریا ئەحمەد دەربارەی گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردی دەڵێ: گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردی ئەو گۆرانییانە دەگرێتەوە کە خاوەنی وشە و ئاوازەکانیان نەناسراون، لە زەمەنێکی کۆندا وتراون، دواتر دەماودەم بۆ ئێمە گواستراونەتەوە، ڕەنگە هەندێک لە وشەکان بەپێی کات و سەردەمەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبێت و وەکو خۆی نەمابێتەوە، لەوانەیە زۆرجار ئەوانەی کە گۆرانییە فۆلکلۆرەکەیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گواستۆتەوە، بەپێی ویست و ئارەزووی خۆیان گۆڕانکارییان بە سەر وشەکاندا هێنابێت (ئەحمەد، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٧/٢)

هەر دەربارەی گۆرانیی فۆلکلۆری و میللی ڕزگار خۆشناو بەم شێوەیە باسی لێوە کردووە:

« گۆرانیی فۆلکلۆری: بە کۆنترین جۆری گۆرانیی کوردی دادەنرێت، هۆنراوەکەی شێوەیەکی تایبەتی هەیە و لەسەر مەقامێکی دیاریکراو دەگوترێت، ئەم بەشەی گۆرانیی کوردی زۆر دەوڵەمەندە و زۆربەی گۆرانیی کوردی دەگرێتەوە و لەگەڵ تیپی موزیکی نوێی وەکو ئۆرکیسترای ڕۆژهەڵاتی جێبەجێ دەکرێت، زۆر لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان لەسەر مەقامەکانی (عەجەم، نەهاوەند، بەیات)ن، هەندێکی دیکەیان لەسەر مەقامی (حیجاز، سێگا، سەبا، ڕاست)ن»

هەروەها بۆ گۆرانیی میللی بەم شێوەیە باسی لێوە

کــردووە: " گۆرانیــی میللــی: ئــەو گۆرانییانــە دەگرێتــەوە کــە هۆنــراوە و ئاوازەکانیــان میللییــە و زۆر کۆنــن و لەگــەڵ ئامێرەکانــی میللــی دەگوترێنــەوە، بــواری دەنگــی لــە چــوار پێنــج دەنــگ تێپــەر نــاکات، زۆرجــار مەقامەکــەی بــە مەقامــی تــەواو دانانرێــت"

(خۆشناو، ١٩٧٩، ٧٢، ٧٣)

هــەر لەبــارەی گۆرانیــی میللــی (غەمگیــن فــەرەج) گرنگتریــن تایبەتمەندییــەکانی پێکهاتــەی گۆرانیــی میلــلی، بــەم شــێوەیە بــاس کــردووە: "میلــۆدی و ریتمێــکی موزیــکی ســادە و وشــەی ئاســانی هەیــە. لــە ڕووی داڕشــتنەوە گۆرانیــی میلــلی بــە دوو بەشــەوە بەنــدە، یــەك بــەش و دوو بــەشی دەبێــت. بــەشی یەکەمیــان لــە ڕســتەیەکی موزیــکی ئاســان و بــەردەوام دوبــارە وونــەوە پێــك دێــت. بــەشی دووەمیــان لــە دوو ڕســتەی موزیــکی بــەردەوام بــە دوای یەکــدا دووبــارە بوونــەوە پێــك دێــت". (فــەرەج, ٢٠٠٥, ١١٣، ١١٤).

هەروەهــا عەبدوڵــڵا جەمــال ســەگرمە (٢٠٠٣) لــە کتێبــی (لاپەڕەیــەک لــە بنەماکانــی موزیکــی کــوردی)، گۆرانیــی کــوردی بــۆ دوو جــۆری ســەرەکی دابــەش کــردووە، بریتییــن لــە: گۆرانیــی فۆلکــۆری و گۆرانیــی دانــراو.

بــەم شــێوەیە خەســڵەتەکانی گۆرانیــی فۆلکــۆری کــوردی خســتۆتە ڕوو:

١-دانەری گۆرانییەکە نادیارە و گەل خاوەنیەتی.

٢-گوزارشــت لــە بارودۆخــی ژیانــی گــەل دەکات و مۆرکــی کۆمەڵــی پێوەیــە.

٣-ئامێرەکانــی موزیکــی کــوردی بــۆ بەجێهێنانــی گۆرانییەکــە بــەکار دەهێنرێــن وەک: شمشــاڵ، باڵەبــان، زوڕنــا، ســاز، عــود، ســەنتور، دەهــۆڵ، دەف....هتــد.

٤-گۆرانیێــژ بــە شــێوازی میللــی گۆرانییەکــە دەبێــژێ و بەپێــی ئاســت و توانــا و بەهــرەی خــۆی پارچــەی دی بــۆ ئــاواز و دەقــی گۆرانییەکــە زیــاد دەکات یــان لێیــان دەقرتێنــێ.

لــەڕووی ڕیتمییــەوە ئامــاژەی بــەوە کــردووە کــە «گۆرانیــی فۆلکۆریــی کــوردی لــە ڕووی ڕیتمییــەوە (Rhythm) دابەشــی دوو پۆلــی ســەرەکی دەبــن کــە بریتیــن لــە : گۆرانیــی کێشــدار و گۆرانیــی بێکیــش (ڕیتــم سەربەســت).

گۆرانیی فۆلکلۆری

گۆرانیی فۆلکلۆریی کێشدار گۆرانیی فۆلکلۆریی بێکێش(ڕیتم سەربەست)

**– گۆرانیــی فۆلکلۆریــی کــوردی کێشــدار(Measured Song)**

ئــەو جــۆرە گۆرانییەیــە کــە ڕەزمەکــەی بەپێــی کۆمەڵێــک ترپــە (Beat)ی ڕێکوپێــک دەڕوا و لــە نۆتــە نووســین (Notation)[1]دا، ئــەو ترپانــە بــە ئاســانی خانــە خانــە دەکرێــن.

خەسڵەتەکانی پۆلی گۆرانیی کێشدار بریتین لە:

١-بــە شــێوەیەکی گشــتی بــۆ هەڵپەڕکــێ و بۆنــە شادیبەخشــەکان بــەکار دەهێنرێــن وەک: هەڵپەڕکێــی گوڵشــێنی، یارگوڵــی، میرانــی ...هتــد. یــان وەک: شــایی و زەماوەنــد، بۆنــە نەتەوایەتییەکانــی وەک نــەورۆز... هتــد.

٢-بــە شــێوەی یەکقۆڵــی یــان دووقۆڵــی یــان بــە کۆمــەڵ بەجــێ دەهێنرێــن، بــەڵام یەکقۆڵــی و دووقۆڵــی بڵاوترینیانــن.

٣-هەندێک جار بە گۆرانیی کێشدار دەگوترێت بەستە[2].

**– گۆرانیــی فۆلکلۆریــی کــوردی بێکێــش یــان ریتــم سەربەســت (Adlibitum Song)**

بــەم جــۆرە گۆرانییــە دەگوترێــت کــە کێشــی ڕیتمــی سەربەســت[3] (Free Rhythm)، بەپێــی کۆمەڵێــک ترپــەی نارێــک دەڕوا و لــە نۆتــە نووســیندا بــە گرانــی ئــەو ترپانــە خانــە خانــە دەکرێــن. زۆرجــار لــە نووســینی ئەمجــۆرە گۆرانییانــەدا نۆتــەکان بــە خانــە (Bar) نەکراوەیــی دادەنرێــن.

ئەمانــەی خــوارەوە خەســڵەتەکانی پۆلــی گۆرانییــە بێکێشــەکان یــان کێشــی ڕیتــم سەربەســتەکانە:

١-بــە شــێوەیەکی گشــتی لــە بۆنــە غەمگینــەکان و پــەژارە بەخشــەکاندا بــەکار دەهێنرێــن.

٢-تەنیــا بــە شــێوەی یەکقۆڵــی (تــاک چڕیــن) دەوترێــن وەک: لاوک، حەیــران، قەتــار، خورشــیدی، نیــوە شــەو، ئــای ئای...هتــد. (ســەگرمە، ٢٠٠٣، ٢٤ -٢٦).

لەبــارەی جــۆری گۆرانیــی ڕیتــم سەربەســتدا، جەلیــل ئازیــد بــەم شــێوەیە نووســیویەتی: «ئــەم شــێوە موزیکییــە دوو جــۆری هەیــە، جــۆری یەکــەم کــە لــەم ســەدەمەدا بــە نــاوی مەقــام ناوبانگــی دەرکــردووە، جــۆری دووەم بــە نــاوی جیــاواز لــە نــاو

کۆمەڵــی کوردەواریــدا خــۆی ڕەخســاندووە، وەکــو: حەیــران، لاوک، بەیــت، قەتــار، هــۆرە، ســیاچەمانە، تاد...»(ئازیــد، ٢٠١٦، ٥١٧)

توێــژەران پێیــان وایــە گۆرانــی و موزیکــی ڕیتــم سەربەســت لــە نــاو نەتــەوەی کــورددا شــوێن و پێگــەی تایبەتــی هەیــە، بــەو پێیــەی خــاوەن ڕەگوڕیشــەیەکی قــووڵ و دێرینــە و دەمــاودەم لــە بــاب و باپیرانــەوە لەگــەڵ هەنــدێ گۆڕانــکاری بەپێــی ســەردەمە جیــاوازەکان، بــە ئێســتا گەیشــتوون. وا پێویســت و گرنگــە بــۆ داهاتــووش پارێــزگاری لــێ بکرێــت.

لێــرەدا دەکــرێ بــۆ ئــەم شــێوە گوتنــەی گۆرانیــی فۆلکلــۆری، وەکــو بەشــێک لــە فۆرمــە باوەکانــی گۆرانیــی کــوردی (ڕیتــم سەربەســت) بــەم شــێوەیەی خــوارەوە باســیان لێــوە بکەیــن:

- **حەیران**

حەیــران یەکێــکە لــە فۆرمــە ڕەســەنەکانی موزیــک و گۆرانیــی کــوردی. لــە ڕووی میلۆدییــەوە، ستڕۆفیک (strophic) ە، واتــە فۆرمێکــە لــە یــەک تێــم پێــک دێــت، بــەڵام لــە نــاو خۆیــدا دابــەش دەبێتــە ســەر چەنــد بەشــێک. لــە ڕووی ڕیتمــەوە، بــە ڕیتمــی سەربەســت (free rhythm) دەگوترێــت. شێوازی گوتنەکــەی دوو جــۆرە، ئەوانیــش حەیرانی مەجلیســی و ســەرچیایین. حەیــران بــە شــێوەیەکی گشــتی دەتوانرێــت درێــژ، یــان کــورت بێــت، بــەڵام دەبێــت (ســەربەند)[٤]و (ناوبەنــد[٥]) و (دوابەنــد[٦])ی هەبێــت . (ڕەســوڵ ١٩٨٤، ١١٠).

- **بەیت**

بەیــت زاراوەیەکــە لــە زاراوەی ســۆرانیدا بــۆ جۆرێــک لــە لیریــک کــە بــە زۆری پارچەیەکــی درێــژە لــە بەرهەمێــک، لەســەر بنەمــای بابەتگەلــی جیــاواز دامــەزراوە، وەک مێژوویــی، ئەفسانەیی، و کەسایەتی و ڕووداوی خۆشەویستی، بــە گشــتی هــەر لێکدانەوەیەکــی بەیــت بــە پێشــەکییەک بەبــێ مێلــۆدی دەســت پــێ دەکات، پاشــان گۆرانییێــژ بــە شــێوەی مێلــۆدی و ڕیتمــی سەربەســت دەســت دەکات بــە چرینــی بەیــت. (Merati, 2015, 127) بەگشــتی بەیــت، چیرۆکــی قارەمانێتــی، دڵــداری، و بەســەرهاتە هەســتیارەکانی گەلــی کــوردە، بەشــێوەیەکی پــڕ ناوەڕۆکــتر و جیاوازتــر لــە پاژەکانــی تــری فۆلکلــۆر دەوترێــت، تایبەتــە بــە کەلتــوور و فەرهەنگــی گشــت ناوچەکانــی موکریــان لــە کوردســتانی ڕۆژهەڵات.(فەقیــزادە، ١٣٣٩، ٩). بەیــت دارشــتنی جۆراوجۆریــان هەیــە، وەک داســتان، شــەڕی مێژوویــی، چیرۆکــی ئەفســانەیی، ئەفســانە و چیرۆکــی خۆشەویســتیی تراژیــدی.(Ahmadi, 2020, 331) هەروەهــا مــارف خەزنــەدار بــەم شــێوەیە بــاس لــە بەیــت دەکات «بەیــت وەکــو بابەتێکــی چیرۆکــی شــیعری زیاتــر بــۆ مەبەســتی گۆرانــی چریــن دادەنــرێ، خەریکــی دڵــداری و خۆشەویســتی و سروشــتە، هەروەهــا ڕووداوی مێژوویــی و قارەمانییەتــی و پاڵەوانیــی نەتــەوە لــە شــۆڕش و جەنــگ و بەرگــری لــە نیشــتمان دەگرێتــەوە. (خەزنــەدار، ٢٠٠١، ١٧٧).

- **لاوک**

لاوک یەکێکــە لــەو فۆرمانــەی کــە ســنووریکی جوگرافــی فراوانــی هەیــە، ئەســعەد عــەدۆ لــە نووســینێکیدا دەڵێــت: ”فۆرمــی لاوک بــە شــێوەزاری کرمانجــی ژووروو دەگوترێــت“ (عــەدۆ، ٢٠٠٦، ٣٠). واتــە بەشــێکی زۆری ئــەو شــوێنانە دەگرێتــەوە کــە بــەم شــێوە زارە دەدوێــن. لاوک بەنــدە بــە بەســەرهاتەکانی ژیانــی ڕۆژانــەی خەڵــک. ناوەڕۆکــی لاوک لــە ڕووی تێکســتەوە قارەمانــی و دڵــداری و شــانازی و ســتایش و پیاهەڵــدان و... هتــد. دەگرێتــەوە (ڕەســوڵ، ٢٠٠٨، ١١٣).

- **هۆرە**

هــۆرە لــە موزیکــی کوردیــدا هەســتی تاراوگەیــی، خــەم و خەفــەت، شــین و شــینگێری، بــە شــێوەیەکی نەرموونیــان دەردەبردرێ(فەقیــزادە، ١٣٣٩، ٩)»فۆرمــی هــۆرە بــە شــێوەزارەکانی لــوڕی و فەیلــی و کەڵهــوڕی دەگوترێــت. شــوێنی جوگرافیــی هــۆرە ناوچەکانــی کرماشــان و ئیــلام و گەرمیــان و شــارەزوور و خانەقیــن و دۆڵ و ناوچەکانــی جافایەتــی و قــەسری شــیرین دەگرێتــەوە. ناوەڕۆکــی هــۆرە لــە ڕووی تێکســتەوە بــاس لــە ئاییــن و شــیوەن و ســۆزداری... هتــد. دەکات. (ڕەســوڵ، ٢٠٠٨، ١١٦)

- **قەتار**

فۆرمــی قەتــار بــە شــێوەزاری ســۆرانی دەگوترێــت. شــوێنی جوگرافیــی قەتــار لــە ناوچەکانــی کرماشــانەوە تــا دەگاتــە کەرکــووک و دەوروبــەری دەگرێتــەوە، وشــەی قەتــار لــە وشــەی (گاتــا)وە هاتــووە، کــە بــۆ ســەردەمی گاتاکانــی ئاڤێســتای زەردەشــتی دەگەڕێتــەوە، لەکاتــی خۆرئاوابــوون گوتوویانــە. بەشــێکی زۆری مێژوونووســان، مێــژووی دروســتبوونی قەتــار

دەگەڕێننـەوە بـۆ زەردەشـتییەکان، ‹‹زۆرینـەی مێژوونووسـان پێیـان وایـە کـە ڕەچەڵەکـی قەتـار دەگەڕێتـەوە بـۆ زەردەشـتییەکان ئـەوان ئـەو جـۆرە گۆرانییەیـان لـە کاتـی خـودا پەرسـتیدا گوتـووە›› (یاسـین، ٢٠١٧، ١١٨). هەردەوێـڵ کاکەیـی دەڵێـت «مامۆسـتا عەلـی مـەردان لـە سـاڵی(١٩٢٧-١٩٢٨ز) قەتـار و ئەڵڵاوەیسـی لەسـەر قـەوان لـە کۆمپانیـای بەیزافـۆن لـە بەغـدا تۆمـار کردووە.»(کاکەیـی، ٢٠٠٦، ٣٣). ناوەڕۆکـی قەتـار لـە ڕووی تێکسـتەوە بـاس لـە ئاییـن و بابەتەکانـی دنیایـی دەکات.

- **سیاچەمانە**

ئـەم زاراوەیـە لـە دوو وشـە پێـک هاتـووە کـە بـە واتـای وشـەی "چـاوی ڕەش" یـان "ڕووبـاری ڕەش" دێـت. زاراوەی سـیاو-چامانە بریتییـە لـە گورانـی (هەورامـی). یەکێکـە لـە چـوار شـێوەزاری سـەرەکیی کـوردی. هـەر وەک هـۆرە. لـە هەورامانـەوە هاتـووە، کـە ناوچەیەکـی شـاخاوییە و دەکەوێتـە نێوان ڕۆژهەڵاتـی شـاری سنە لـە ئێـران و ڕۆژئـاوای شـارەزوور لـە عێـراق و باکـووری مەریوانـی ئێـران و باشـووری جوانـڕۆ لـە کرماشـان لـە ئێـران. ناوچـەی هەورامـان لـە هـەر دوو لای چیـای شـاهۆدا دابـەش دەبێـت بـە سـەر دوو بەشـدا. پێیـان دەوترێـت هەورامـان -تەخـت و هەورامـان- لهـۆن شـارەکان نەوسـوود، نوودەشـە هەروەهـا گونـدی کێمنـە لـە هەورامانـی تەخـت لـە پارێـزگای کرماشـان هەڵکەوتـوون، لـە کاتێکـدا شـارۆچکەکانی هەڵەبجـە و تەوێڵـە و بیـارە لـە هەورامانـی لهۆنـن. (Merati, 2015, 127)

- **ئەڵلاوەیسی**

بەپێـی چەنـد سـەرچاوەیەک، پێدەچێـت فۆرمـی ئەڵلاوەیسـی فۆرمێکـی ئایینـی بێـت، بـە تایبەتـی ئایینـی زەردەشـتی (یاسـین، ٢٠١٨: ١٢٥). لـە ئێسـتادا ئـەو فۆرمـە گۆرانییـە لـە ناوچەکانـی دیکـەی کوردسـتان بوونـی هەیـە، بەتایبەتـی لـە ناوچـەی گەرمیـان. تێکسـتی ئەڵاوەیسـی هەمـە جـۆرە، گوزارشـت لـە خۆشەویسـتی، یـان قارەمانـی یـان ... هتـد دەکات. هەردەوێـڵ کاکەیـی بـەم شـێوەیە باسـی فۆرمـی ئەڵلاوەیسـی دەکات: ئاوازێکـی فۆلکلۆریـی ڕەسـەنە بـە (ئازیزەکـەم، ئایـی، ئایـی) دەسـت پـێ دەکات و بریتییـە لـە سـێ چیـن. گەلـێ لـە مقامزانـە میللییەکانـی ناوچـەی گەرمیانـی کەرکـووک دەربـارەی ناوەکـەی دەڵێـن: بـۆ یەکەمجـار مەقامزانێکـی کـوردی گەرمیانـی بـە نـاوی (وەیـس) داینـاوە (کاکەیـی، ٢٠٠٦، ٢٣).

### ٣٠٢ . ٢ گۆرانیی دانراو (Composed Song)

چەمکـی دانـراو(Compose) بـۆ دروسـتکردنی کارێـکی هونـەری موزیـك، یـان بـۆ هۆنـراوە بـەکار دەهێنرێـت (Compose. 2023, online). وشـەی (Compose) لـە بنەڕەتـدا لـە (Componare) لاتینییـەوە سـەرچاوە دەگرێـت. بـە واتـای بەیەکەوەبەسـتانی پارچـەکان و ڕێکخسـتنیان دێـت. ئـەم زاراوەیـە لـە سـاڵی 1590 هاتـە نێـو بـواری موزیـك بـۆ وەسـفکردنی دانـانی گـۆرانی بـەکار هـات (,vocabulary compose 2023, online)

ئـەم جـۆرە گۆرانییـە بـەوە دەناسرێتـەوە کـە دانەرەکـەی لـە نێـو شـاردایە، یاخـود لـە شـارەوە سـەرچاوە دەگرێـت و پێویسـتە ئاوازەکانـی گۆرانیـی دانـراو بـە نۆتـەی موزیـك بنووسرێـن، موزیکدانـەر و دانـراوی وشـەکان دیـارن. ئاستەکەی بـە توانـای دانەرەکـەوە بەنـدە. لەوانەیـە بـۆ ماوەیـەکی کـورت دەرکەوێـت و بـە خێرایـی ون بێـت، بـە پێچەوانـەی گۆرانیـی فۆلکلـۆری کـە بـۆ ماوەیـەکی درێـژ لـە نـاو خەڵکـدا دەمێنێتـەوە (٢٠٢٢Encyclopedia Britannica: Online:).

(ڕزگار خۆشـناو) بـەم شـێوەیە باسـی گۆرانیـی دانـراوی کـردووە:

گۆرانیـی دانـراو: لەجـۆرە نوێیەکانـی گۆرانیـی کـوردی دەژمێردرێـت، هۆنراوەکـەی لـە لایـەن شـاعیر و کەسـانی دیـار و نـاسراو دانـراوە و ئاسـتی هونـەری و وشـەی تـازە و پـڕ مانـای تێدایـە، زۆر جاریـش وشـەکان فۆلکلۆریـن.

ئاوازەکەشـی لـە لایـەن کەسـێکی دیـار و نـاسراوەوە دانـراوە و توانایەکـی زۆری تێدایـە بـۆ دابەشـکردنی هارمۆنـی بـۆ ئامێـرەکان. گەلـی کـورد لـەم دواییانـەدا خاوەنـی سـامانێکی دەوڵەمەنـدی گۆرانیـی کـوردی دانـراوە. بەهـۆی زۆربوونـی تیپـی موزیکـی جۆراوجـۆر لـە شـارەکانی کوردسـتاندا (خۆشـناو، ١٩٧٩، ٧٢، ٧٣).

هۆمـەری دزەیـی لـە چاوپێکەوتنێکـدا لەبـارەی گۆرانیـی دانـراوی کـوردی گوتـی «ئـەم شـێوازی گۆرانیـی گوتنـە لـە

سەرەتادا لە ناوەڕاستی ساڵی چلەکانی سەدەی بیستەمدا هاتە ناو گۆرانی و موزیکی کوردی و دواتر لە لایەن قادر دیلان و هەندێک لە گۆرانییەکانی شەماڵ سائیب و خۆشم ئەمجۆرە شێوازەم لە گۆرانییەکانمدا بەکارهێناوە. هەروەها تیپە موزیکییەکانیش ڕۆڵیان لە بلاوبوونەوە و بەکارهێنانی گۆرانیی دانراودا هەبوو. لەئێستادا زۆر گەشەی کردووە»(دزەیی، چاوپێکەوتن ٢٠٢٣/٣/٥).

هەروەها لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (وریا ئەحمەد) بەم شێوەیە باسی لە گۆرانیی دانراو کرد:

" گۆرانیی دانراو ئاوازدانەرەکەی کەسێکی دیار و ناسراوە، ئەویش یان موزسیانە یان ژەنیاری ئامێرێکی موزیکە یان گۆرانیبێژە و تاڕادەیەک شارەزایی لە جۆرەکانی مەقام و ڕیتمدا هەیە، ئەمەش ئاوازەکانی باشتر دەبێت لەوەی کە شارەزایی نەبێت. لەبارەی تێکست و هۆنراوەی گۆرانیی دانراویش، شاعیرەکە دیار و ناسراوە و هەندێکجاریش وشەکان لە فۆلکلۆر وەرگیراون، یان تێکهەڵکێشە، بە هاوکاری تیپێکی موزیک تۆمار و بڵاو دەکرێتەوە»، بەم شێوەیە باسی سەرەتای گۆرانیی دانراوی کوردی کرد: «لەبیرمە لە ساڵی شەستەکانی سەدەی بیستەم گوێبیستی گۆرانییەکانی مەزهەری خالقی دەبووین کە تیپی موزیک بە شێوازێک پێشەکی و موزیکی نێوان کۆپلێی گۆرانییەکەی دەژەنی و گۆرانیبێژ بە شێوازێکیتر گۆرانییەکەی دەچڕی، واتە هەمان شت نەبوو، لەسەرەتادا لای ئێمە شتێکی نامۆ بوو، بەڵام دواتر لامان خۆش بوو و ئێمەش بە هەمان شێوە لاساییمان کردەوە و بەکارمان هێنا، ئەمەش بووە هۆکارێک بۆ بەرەوپێشچونی گۆرانیی دانراوی کوردی".(ئەحمەد، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٧/٢).

هەروەها (عەبدوڵلا جەمال سەگرمە) بەم شێوەیە خەسڵەتەکانی گۆرانیی دانراوی خستۆتەڕوو:

١- دانەری ئەمجۆرە گۆرانییە دیار و ناسراوە.

٢- گوزارشت لە خودی دانەر (composer) دەکات و مەرج نییە مۆرکی کۆمەڵی پێوە بێت.

٣- ئامێرەکانی موزیکی ئۆرکسترایی بۆ بەکار دەهێنرێت، وەک (ڤایۆلین، ڤیۆلا، چەلۆ، کۆنترباس، فلوت، ئۆبوا...هتد).

٤- گۆرانیبێژ بەپێی ویستی دانەر، گۆرانییەکە دەبێژێت، هەوڵ دەدات شێوازێکی تایبەت بەخۆی لە بەجێهێناندا بەکار بهێنێت.

هەروەها گۆرانیی دانراوی کوردی کە شێوازێکی گرنگی موزیکی کوردییە، لە دوو پۆلی سەرەکی پێک دێن: گۆرانیی هونەری[7] (Art Songs) و گۆرانیی گەل (Pop song).

گۆرانیی دانراوی کوردی
گۆرانیی هونەری
گۆرانیی گەل

- **گۆرانیی هونەری (Art Songs)**

لە گۆرانیی هونەریدا، هاوشانیکردنی ئامێریی (المصاحبة الآلیة) ڕۆڵێکی گرنگتر و ئەرێنیتر لە گۆرانییە ئاساییەکان دەگێڕێت، بەو پێیەی مێلۆدییەکانی گۆرانیی هونەری ئاڵۆزترن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لەسەر بنەمای دەقی ئەدەبی بەرز بنیاد نراون.(زکریا، ٢٠٠٤، ٤٣)

خەسڵەتە گرنگەکانی گۆرانیی هونەری لە موزیکی کوردیدا، بریتین لە:

١-هونەرمەندێکی پسپۆڕ دایدەنێ کە لە زانست و مێژووی موزیکی ئەوروپییدا شارەزابێت، لە هەمان کاتیشدا، پێشینەیەکی باشی لە موزیکی کوردیدا هەبێت. یان ئاوازەکە لە بنەڕەتدا فۆلکلۆرییە و هونەرمەندەکە بۆتەیەکی(فۆرم) هونەری نوێی بۆ دادەڕێژێ.

٢-ئۆرکێسترایەک یان تیپێک لە تیپە بچووکەکانی موزیکی ژوور[8] (Chamber Music) بەجێی دەهێنێ، زۆرجار بە ئامێرەکانی موزیکی کوردی پاراو دەکرێت.

٣-بەپێی ویستی دانەر و نۆتە دیاریکراوەکانی کۆڕێچکە (Score)، گۆرانیبێژ گۆرانییەکە دەبێژێ و لە دووبارە کردنەوەی بەجێهێناندا، بۆی نییە بە ئارەزووی خۆی پارچە و ڕستە زیاد بکات، یان ببڕێت (سەگرمە، ٢٠٠٣، ٢٨).

- **گۆرانیی گەل (Pop Songs)**

خەسڵەتەکانی گۆرانیی گەل (Pop Song) لە موزیکی کوردیدا، بریتین لە:

١-هونەرمەندێکی نیمچە پیشەمەند (Professional) ئاوازەکەی دادەنێ و دابەشکردنی موزیکی بۆ ساز دەدات،

یـان ئاوازەكــە لــە كەسـێكی دیكــەوە یــان لــە فۆلكلــۆر وەردەگرێــت.

٢-بەجێهێنانـی ئەمجـۆرە گۆرانییـە، شـێوەیەكی دیاریكـراوی نییـە، بەڵكـو تێكەڵەیەكـی هەمەڕەنگـە. زۆر جـار هاوشـێوەی تیپـی موزیكـی عەرەبـی و فارسـی و توركییـە و پێـی دەڵێـن (تەختـی شـەرقی[٩]). ئـەم تیپـە لـە ئێسـتادا لـە پێنـج شـەش ڤایۆلیـن، یـەک دوو چەلـۆ، یـەک دوو گیتـار، كیبۆردێـک و دوو، یـان سـێ ئامێـری خۆماڵـی (شمشـاڵ و عـود و قانـون و باڵەبـان ...هتـد) پێـک دێـت.

٣-هـەر چەنـدە گۆرانیبێـژ بەپێـی ویسـتی ئاوازدانـەر، یـان دابەشـكاریی موزیـک گۆرانییەكـە دەبێژێـت، بـەڵام زۆر جـار بـە ئـارەزووی خـۆی و لـە كاتـی پێشكەشـكردنی گۆرانییەكـەدا، پارچــە و ڕســتەی نــوێ زیــاد دەكات، یــان دووبارەیــان دەكاتەوە(سـەگرمە، ١٩٩٩، ٧).

توێــژەران پێیــان وایــە ســەرەتای دەركەوتنــی گۆرانیــی دانــراوی كــوردی لــە كوردســتاندا بــۆ دەركەوتنــی توانــا و بەهـرەی هونەرمەندانـی كـورد دەگەڕێتـەوە، دوای ئاشـنابوونیان بـە بوارەكانـی زانسـتی موزیـک و گۆرانیـی گـەلان، هەروەهـا شــارەزابوونیان بــە ژەنینــی ئامێــرە جۆراوجۆرەكانــی موزیــک ئەویــش بەهــۆی تەواوكردنــی خوێندنیــان لــە ناوەنــدە ئەكادیمییەكانـی خوێندنـی هونـەری، وەكـو بەشـی موزیكـی پەیمانــگای هونەرەجوانەكانــی بەغــدا و بەشــداریكردن و تێكەڵبوونیـان لەگـەڵ تیپـی موزیكـی ڕادیـۆی كـوردی بەغـدا و دواتـر كردنـەوەی خوولـی فێربوونـی موزیـک و دروسـتكردنی تیپـی موزیـک لـە شـارەكانی كوردسـتان.

سـەرەتا بـە لاسـاییكردنەوەی گۆرانـی و موزیكـی گەلانـی تــر و ســوودوەرگرتنیان بــۆ ئــاوازی گۆرانــی و موزیكــی كـوردی، ئەمـەش دوای سـاڵەكانی پەنجـا و سـەرەتای سـاڵانی شەسـتی سـەدەی بیسـتەم بـە ڕوونـی هەسـتی پـێ دەكرێـت و لەســەر دەســتی چەنــد هونەرمەندێكــی دیــاری بــواری گۆرانـی و موزیكـی كـوردی وەكـو هونەرمەنـدان: قـادر دیـلان و ولیــەم یوحەننـا و شــەماڵ سـائیب و باكـووری و چەندیــن هونەرمەنـدی تریـش، كـە لـە دوای ئەمانـەوە دەركەوتـن.

### ٣. ئەنجامی توێژینەوەكە

توێــژەر لــەم توێژینەوەیــەدا بــەم ئەنجامانــەی خــوارەوە گەیشــت:

١- فۆرمـی موزیكـی كلاسـیكیی ئەوروپـی لـە چەنـد فۆرمێكـی سـەرەكی پێـک دێـن، وەكـو فۆرمەكانـی (سـترۆفیک، باینـەری، تێرنـەری، ڕۆنـدۆ، سـۆناتە). فۆرمـی سـۆناتا گرنگتریـن جـۆری فۆرمـی گەورەیـە لـە موزیكـی ئامێریـی سـەردەمی كلاسـیكدا، زۆرێـک لـە تیۆرزانـەكان بـە بەرزتریـن و ئاڵۆزتریـن دیزاینـی ئاوازدانانــی ئــەو ســەردەمەی دەزانــن، كــە ئاوازدانــەران لێهاتوویـی تەكنیكیـی و توانـای دەربڕینـی خۆیانیـان تێیـدا ئاشـكرا دەكـەن.

٢- زۆر لـە گۆرانییـە فۆلكلۆرییەكانـی كـوردی لەسـەر مەقامـە ڕۆژهەڵاتییەكانـی وەكـو (عەجـەم و نەهاوەنـد و بەیـات)ن، هەندێكـی تریـان لەسـەر مەقامـی (حیجـاز و سـێگا و سـەبا و ڕاسـت)ن.

٣- گۆرانیـی فۆلكـۆری كـوردی لـە ڕووی ڕیتمـەوە (Rhythm) دابەشـی دوو پۆلـی سـەرەكی دەبـن كـە بریتیـن لـە : گۆرانیـی كێشـدار و گۆرانیـی بێكیـش (ڕیتـم سەربەسـت).

٤- ڕیتمـی گۆرانیـی كێشـدار بەپێـی كۆمەڵێـک ترپـە (Beat)ی ڕێكوپێـک دادەنرێـت و لـە نۆتـە نووسـین (Notation)دا ئـەو ترپانـە بـە ئاسـانی خانەخانـە دەكرێـن. بـۆ هەڵپەڕكـێ و بۆنـە شادیبەخشـەكان بـەكار دەهێنرێـن وەک: هەڵپەڕكێـی گوڵشـێنی، یارگوڵـی، میرانـی ...هتـد، یـان وەک: شـایی و زەماوەنـد لـە بۆنــە نەتەوایەتییەكانــی وەک نــەورۆز و بۆنەكانــی تــر. بــە شـێوەی یەكقۆڵـی، یـان دووقۆڵـی یـان كۆمـەڵ پێرفۆرمانـس دەكرێـن، بـەڵام شـێوەی یەكقۆڵـی و دووقۆڵـی بڵاوترینیانـن. هەندێـک جاریـش بـە گۆرانیـی كێشـدار دەگوترێـت بەسـتە.

٥- گۆرانیــی فۆلكلۆریــی كوردیــی بێكێــش (Adlibitum Song) خـاوەن كێشـی ڕیتمـی سەربەسـتن (Free Rhythm)، لـە كۆمەڵێـک ترپـەی ناڕێـک پێـک دێـن و لـە نۆتـە نووسـیندا بــە دەگمــەن ئــەو ترپانــە خانــە خانــە دەكرێــن. وە لــە خەسـڵەتەكانی جـۆری گۆرانییـە بێكێشـەكان، یـان كێشـی ڕیتمـی سەربەسـت:

بـە شـێوەیەكی گشـتی لـە بۆنـە غەمگینـەكان و داسـتان و دەربڕینـی هەسـتی دڵـداری و خۆشەویسـتی بـەكار دەهێنرێـن.

تەنیا بە شێوەی تاکە کەسی دەوترێن وەک: حەیران و لاوک و بەیت و قەتار و ئەڵڵاوەیسی و سیاچەمانە و هۆرە و خورشیدی، نیوە شەو، ئای ئای...هتد.

٦- گۆرانیی دانراوی کوردی شێوازێکی گرنگی موزیکی کوردییە، لە دوو پۆلی سەرەکی پێک دێت: گۆرانیی هونەری (Art song) و گۆرانیی گەل (Pop song). گوزارشت لە خودی دانەر (composer) دەکات و مەرج نیە مۆرکی کۆمەڵی پێوە بێت. ئامێرەکانی موزیکی ئۆرکسترایی بۆ بەکار دەهێنرێت، وەک (ڤایۆلین، ڤیۆلا، چەلۆ، کۆنترابەاس، فلوت، ئۆبوا...هتد). گۆرانیبێژ بەپێی ویستی دانەر، گۆرانییەکە دەچڕێت، هەوڵ دەدات شێوازێکی تایبەت بە خۆی لە پێرفۆرمانسدا بەکار بهێنێت.

٧- پێرفۆرمانسی گۆرانیی دانراوی کوردی شێوەیەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو تێکەڵەیەکی هەمەڕەنگە. زۆرجار هاوشێوەی تیپی موزیکی عەرەبی و فارسی و تورکییە و پێی دەڵێن (تەختی شەرقی). ئەم تیپە لە ئێستادا لە پێنج شەش ڤایۆلین، یەک دوو چەلۆ، یەک دوو گیتار، کیبۆردێک و ئامێرە ڕیتمییەکان و دوو، یان سێ ئامێری خۆماڵی (شمشاڵ و عود و قانون و باڵەبان ...هتد) پێک دێت.

٨- دەرچوونی ژمارەیەکی زۆر لە موزسیانانی کورد لە پەیمانگە و کۆلیژی هونەرە جوانەکان لە کوردستان و عێراقدا، بۆتە هۆی دروستبوونی چەندین گروپ و تیپی موزیکی جۆراوجۆر لە شارەکانی کوردستان. کاریگەرییان هەبووە لەسەر دەرکەوتنی ژمارەیەک لە ئاوازدانەر لە بواری گۆرانی و موزیکی دانراو بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی، کارەکانی هەندێکیان لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەوروپی و جیهانیدا پێرفۆرمانس دەکرێن.

**٤. پەراوێزەکان:**

١- (REFRAIN) ئەو بەشەی موزیک یان گۆرانییەیە کە لە کۆتاییی هەموو بەشەکاندا دووبارە دەبێتەوە، لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێت(مذهب). (زکریا، ٢٠٠٤، ٤٣٧).

٢-(Notation) ئەو ڕێگەیەیە کە بە هۆیەوە دەنگەکانی موزیک و جیاوازییەکانیان لەسەر پەڕە دەنووسرێنەوە و کۆمەڵێک نیشانە و هێمای هەمەجۆریش بۆ ئەو مەبەستە بەکار دەهێنرێن (لۆڤلەک، ٢٠٠٠، ١٤).

٢- بەستە: واتا ئەو ئاوازانەی کە خاوەنی ڕیتمێکی موزیکین و خانەی نووسینەوەی نۆتەی موزیکییەکان ئەشێ بەپێی ئەو ڕیتمەی کە لەسەری بنیات نراوە لە باڕەکانی نۆتەی موزیکدا بنووسرێتەوە. ئەوەی شایەنی زانین و باسکردنە ئەم فۆرمە (شێوازە) موزیکییە لە زۆر شوێن پێی دەوترێ (گۆرانی) لەسەر بنەمای ئەو نەریتەی کە گۆرانەکان لەسەردەمی کۆندا ستران (بەستە) یان وتووە یان ژەندووە بۆیە ئیتر بەسەر ئەواندا سەپێنراوە کە گوایا وەکو گۆرانییەکان ستران بێژن، یان ئاواز بژەنن، بۆیە بۆتە هەردوو ڕستەی گۆرانی بڵێن، یان گۆرانییەک بژەنن، هەر چەندە باشتر وابوو کە بڵێین ئاوازێک یان سترانێک بڵێن یان بژەنن.(سەلاح رەئوف:online zamenpress.com)

٣- ڕیتمی سەربەست: فۆرمێکی موزیکییە بۆ دەنگی مرۆڤ یان ئامێری موزیک، هەر جۆرێک لەم فۆرمە ئاوازانە خاوەنی پەیژەی موزیکی خۆیانن بەپێی ناوچە و شوێن فۆرمەکان ناوی جۆراوجۆریان هەیە، بۆ نموونە: ناوچەی گەرمیان فۆرمی (قەتار و خاوکەر و خورشیدی و ئەڵڵاوەیسی)، ناوچەی هەولێر فۆرمی (حەیران)، ناوچەی بادینان فۆرمی(لاوک) ...(ڕەئوف، ٢٠٢٠، ٩٢).

٤- سەربەند: بە دەستپێکی حەیران دادەنرێت و زۆرجار لە یەک دوو وشە پێک هاتووە، وەزیفەی ئەم بەندە ڕێخۆشکردنە بۆ چوونە ناو حەیران یان سەرەتایەکە (Introduction) یان ئەفراندن واتا خوڵقاندنی ئەو دەور و بەرەیە کە حەیرانبێژ بۆ بابەتەکەی هەڵبژاردووە، بۆ نموونە(دارکەرێ لە داران.....) مەبەستی حەیرانبێژ کیژۆڵەیەکی دارکەرە کە پێیەوە سەرسام بووە (دزەیی، ٢٠٠٧، ٢٩).

٥- ناوبەند: لێرەوە حەیرانبێژەکە بەدرێژی دەچێتە ناو ناوەڕۆکی بابەتەکەی تاوەکو مەبەستەکەی خۆی ڕوون بکاتەوە و بە تێروتەسەلی باسی ڕووداوەکان بکات. ئەم بەندە زیاتر دەچێتە ناو ناخی حەیرانەکە. ڕووبەرێکی گەورە دروست دەکات بۆ حەیرانەکە، هەروەها تیایدا باسی

پاڵەوانان و چیرۆکی ناو بابەتی حەیرانەکە دەکرێت. لێرەدا حەیرانبێژ زۆر لێهاتووانە و وەستایانە باس لە ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکەی دەکات و شارەزایانە کاری لەسەر دەکات (ئەحمەد و هیمداد، ٢٠١٤، ٣).

٦- دوابەند: لە دوای ناوبەند دەست پێدەکات. لێرەدا حەیرانبێژ کار لەسەر ئەوە دەکات، کە ڕووداوەکە بە ئەنجام بگەیەنێت، کە حەیرانبێژ هەوڵ دەدات دوابەند و سەربەند حەیرانەکە بە یەکەوە بلکێنێت. لێرەدا حەیرانبێژەکە وردە وردە حەیرانەکە بەرەو کۆتایی دەبات (مەخموری، ٢٠٠١، ٣٩).

٧- گۆرانیی هونەری (Art Songs) بە چەندین زمان ئامادە کراوە، و بە چەند ناوێک ناسراوە. نەریتی ئەڵمانی لە پێکهاتەی گۆرانیی هونەری ڕەنگە دیارترین نەریت بێت، کە بە لیدەر ناسراوە. لە فەرەنسا زاراوەی (mélodie) بۆ گۆرانییە هونەرییەکانە و لە پارچە دەنگییەکانی دیکەی فەرەنسی جیا دەکاتەوە کە بە شانسۆن ناو دەبرێن. کانسیۆنی ئیسپانی و کانزۆنی ئیتاڵی بە گشتی ئاماژە بە گۆرانییەکان دەکەن.

گۆرانیی هونەری لە گۆرانییە (سۆلۆ) کانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەست پێ دەکات، تا ئاوازەکانی عود (.lute songs) لە سەدەی شانزەهەم، لە ئاریاکانی سەدەی حەڤدە و هەژدەهەمەوە تا (lieder). لە ئاوازدانەرانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەڵمانی و هاوتا فەرەنسییەکانیان- ئیمانوێل شابرییەر (١٨٤١-١٨٩٤)، هێنری دوپارک (١٨٤٨-١٩٣٣)، ئێرنست شۆسۆن و گابرێل فۆرێ. ئاوازدانەرانی دیکە بەهۆی گۆرانییە هونەرییە جوانەکانیانەوە ناوبانگیان هەبوو کە بریتین لە گۆنۆد، دیبوسی، ڕاڤێل، موسۆرگسکی، گریگ، بریتن، پۆلێنک، باربەر، ئایڤز، نێد ڕۆرم و پیتەر. (Ammer, 2004, 16).

٨- موزیکی ژوور: سەرەتای دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو چاخی (بارۆک) و (کلاسیک)ی موزیک، شوێنی ئەم گروپە لە ناو کۆشک و تەلاری میر و شاکاندا بووە و لە شێوەی گروپێکی تایبەتدا لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا نمایشی موزیکییان ئەنجام داوە. ژمارەی ژەنیارانی ئەم گروپە (١٨) ژەنیار بووە، دواتر لە ساڵی (١٨٣١ز) دا گروپێکی موزیکی پێک هاتوو لە چوار ئامێر، بە دیار کەوتن کە بەگروپی چوارینەی (برایانی مولەر) ناسرا بوون. ئەم گروپە نمایشە موزیکییەکانیان لە چوارچێوەی هۆڵی کۆشکەکان دەرهێنا و گواستییانەوە بۆ سەر شانۆکان و تا ئەو ئاستەی کە بۆتەی موزیکی ژوور بووە، یەکێک لە بۆتە موزیکییە بەربڵاو و جەماوەرییەکان (فەرەج، ٢٠٠٥، ١٥٧).

٩- تەختی شەرقی: واتە تەختی موزیکی ڕۆژهەڵاتی، لە سەردەمی تورکەکاندا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا وەک تیپێکی موزیکی دەرکەوت و شوێنی دانیشتنی ژەنیارەکان لەسەر سەکۆیەکی بەرز بوو، هەروەها تەخت وشەیەکی فارسییە بە واتای سەکۆ یان کورسی دێت. بنکەیەکە لەسەر شوێنێکی بەرز دروست کراوە بۆ کۆبوونەوەی گۆرانیبێژ و ژەنیارەکان لە ناو یەکێک هۆڵەکانی کۆشک یان شوێنی ئاهەنگی گۆرانی و موزیک، بە جۆرێک کە جێگەی سەرنجی گوێگران و ئامادەبوان بوون.

مێلۆدییەکانی تەخت لە ڕووی پێکهاتەوە سنووردار بوون، ئەوانەی میلۆدییکانیان نمایش دەکرد بریتی بوون لە گۆرانیبێژ و گروپی کۆرس (ژمارەیان دوو یان سێ دانە بوون و خاوەن دەنگێکی ڕاهێنراو و توانای باشی ئەزبەر کردنی (مووەشەحات) و میانەی دەنگی زۆر فراوان بوون بە شێوەیەک کە گوتنی چینی دەنگی بەرز (جەواب) یان هەبوو). هەروەها پێکهاتەی ژەنیارانی سەکۆ کە ژمارەیان کەم بوو، بە شێوەیەک کە لە چوار کەس زیاتر نەدەبوون.

شوێنی گۆرانیبێژ لە ناوەڕاستی تەختەکەدا بوو، لە لای ڕاستی ئەویش ژەنیاری ئامێرەکانی موزیکی وەکو: عود و قانون و کەمان و شمشاڵ) بوون. لە لای چەپیشدا شوێنی ژەنیاری ئامێری ڕیتمی بوو.

بەگشتی ئاهەنگەکان لە سەرەتادا، بە پارچە موزیکێک لە شێوەی (سەماعی) یان (بەشرەف) کە دوو لە فۆرمەکانی موزیکی تورکین، و بەیاوەری ئامێرەکانی موزیک دەستی پێ دەکرد، دواتر ژەنیارەکان کێبڕکێیان بوو لە نمایشکردنی ئەو بەشە ئاوازانەی کە لە شێوەی پێرفۆرمانسی تاکژەنی (Solo) ئەنجامدەدران. سەرەتا بە ژەنینی ئامێری عود

دەست پێ دەکرا، دواتر ژەنینی شمشاڵ، و دواجاریش ژەنینی ئامێری قانون. ئینجا نۆرەی گۆرانیبێژ بوو لە بەشداریکردنیاندا لە چڕینی (لەیالی) و (مەوال)دا، کە تێیدا تواناکانی دەنگی و لێهاتوویی تەکنیکی، و تێگەیشتنی لە گواستنەوە لە نێوان جۆرەکانی مەقامەکان (modulation) نمایش دەکرا، لە هەمان کاتدا ئامێری قانون زۆر بەوردی هاوشانی گۆرانیبێژی دەکرد (التخت الشرقي https://ar.wikipedia.org/)

## ٥. لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: کتێبەکان

### بە زمانی کوردی


١. شارباژێری، عوسمان (١٩٨٥) گەنجینەی گۆرانی کوردی، بەغداد: چاپخانەی زەمان.

٢. ئیبراهیم، شوکریە ڕەسوڵ (١٩٨٤) 'ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی' دەزگای موزیک و کەلەپووری کورد، هەولێر.

٣. گرین، دۆگلاس مارشاڵ (٢٠٢٢) فۆرم لە موزیکی تۆناڵدا، وەرگێڕانی، بەختیار حسەین، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٤. ڕەئوف، سەڵاح (٢٠٢٠) پەیژەکانی مۆسیقای کوردی، پڕۆژەی قەفتان، چەپخانەی کارۆ، چ١ سلێمانی.

٥. سەگرمە، ع.ج. (٢٠٠٣)، لاپەڕەیەک لە بنەماکانی موزیکی کوردی، ئینستوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی.

٦. عەدۆ، ئەسعەد (٢٠٠٦)، لاوک.. حەیران.. هۆنراوەی میللی لە فۆلکلۆری کوردیدا، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ز.

٧. مەخموری، غەفور (٢٠٠١)، حەیران چەمک – ناوەڕۆک - سەرهەڵدان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،

٨. فەرەج، غەمگین (٢٠٠٥) دەروازەیەک بۆ بۆتەکانی موزیک، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ئینستیوتی کەلەپووری کوردستان، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر.

٩. فەقیەزادە، کاوە (١٣٣٩) چۆڵەچرا، چاپخانەی سەقز، کوردستانی ئێران.

١٠. خەزنەدار، مارف (٢٠٠١) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١١. زامدار، مەحمود (١٩٨٠) دەروازەیەک بۆ ئاواز و گۆرانیی کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی دار الحرية، بەغدا.

١٢. هاڵست، ئیمۆجن (٢٠٠٥)، ئەلفبێیەکی موزیک، و. ع .ج. سەگرمە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٣. دزەیی، هۆمەر (٢٠٠٧) حەیران هەوڵێک بۆ تێگەیشتن، ناوەندی چاپ و ڕاگەیاندنی خاک، سلێمانی.

١٤. کاکەیی، هەردەوێڵ (٢٠٠٦) مەقام و موزیکی فۆلکلۆریی کوردی، لە بڵاوکاوەکانی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، چاپخانەی ئارابخا، چاپی یەکەم، کەرکووک.

١٥. لۆڤلەک، ولیەم (٢٠٠٠) بنەماکانی موزیک، وەرگێڕانی ع. ج. سەگرمە، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، چاپخانەی داناز، سلێمانی.

٦١. یاسین، د. بارزان، (٢٠١٧) لە ناو موزیکی کوردیدا سەمبۆلۆژیای موزیک بنچینەکانی مەقام، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

١٧. عەبدولخالق، ئەحمەد محەمەد ئەمین (٢٠١٤) ‹بنیاتی هونەری حەیران لە ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردیدا، کۆلێژی پەروەردە، بەشە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

١٨. ئازید، جەلیل، ٢٠١٦، تیۆری موزیک، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.


### بە زمانی عەرەبی:


٩١. زكريا، حسام الدين، (٤٠٠٢) المعجم الشامل للموسيقى العالميه، الجزء الأول، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

٠٢. الشوان، عزيز(٩٧٩١)الموسيقى للجميع، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب القاهرة.

١٢. بابينكو، فيكتور، (٨٩٩١) تحليل القوالب الموسيقية، دمشق.


### بەزمانی ئینگلیزی:


1. Christine Ammer, (2004) The Facts on File Dictionary of Music, Facts On File,Inc.132 West 31st Street,New York NY 10001.
2. WILLIAM E. CAPLIN (1988) Classical Form A Theory of Formal Functions for the Instrumental Music of Haydn, Mozart, and Beethoven, New York Oxford University Press.
3. Merati, M. A. (2015). *Les forms fondamentales de la musique kurde d'Iran et d'Irak : hore, siaç̧amane,ˆ danses, maqam [In English: The basic forms of Kurdishˆ music from Iran and Iraq]*. Ph.D. thesis, Paris Nanterre University.

4. Scott Jarrett. and Holly Day. (2008), *Music composition for Dummies*, Canada: Wiley Publishing.
5. Sina Ahmadi , Hossein Hassani, Kamaladdin Abedi2020 (), A Corpus of the Sorani Kurdish Folkloric Lyrics, Proceedings of the 1st Joint SLTU and CCURL Workshop (SLTU-CCURL).

**دیمانەكان:**

١. - ئەحمەد، وریا، ٢٠٢٢/٧/٢، شەممە، كاتژمێر ٦.٣٠ پاش نیوەڕۆ، هەولێر.
٢. - دزەیی، هۆمەر، ٢٠٢٣/٣/٥، یەكشەمە، كاتژمێر ١٢،٣٠ نیوەڕۆ، هەولێر.
**٣. گۆڤارەكان:**
٤. خۆشناو، ڕزگار(١٩٧٩) گۆڤاری بەیان، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، ژمارە ٥٣، كانونی یەكەم، بەغداد.
٥. سەگرمە، ع.ج، (١٩٩٩)، گۆڤاری شاكار، ژمارە ٢، یەكێتیی هونەرمەندانی یەكگرتووی كوردستان، چاپخانەی داناز، سلێمانی.

**سێیەم ماڵپەڕە ئەلیكترۆنییەكان:**
1. www.thefreedictionary.com. 2016, online.
2. https://www.vocabulary.com/dictionary/compose. 2023, online.
3. http:// Encyclopedia Britannica 2022, Online.
4. https://ar.wikipedia.org/wiki/%D%8AA%D%8AE%D%8AA_%D%85%9D%88%9D%8B%3D8%9A%D%82%9D8%9A_%D%8B%4D%8B%1D%82%9D8%9A, online.
5. http://WWW. zamenpress.com, online
6. https://studylib.net/doc/8648367/form-in-music---ross-Hamilton-s-music-education-resources 2023 Online.

## الملخص

تـم إجـراء هـذا البحـث عـلى أسـس تاريخيـة و وصفيـة وبطريقـة علميـة، ويتكـون محتـوى هـذا البحـث مـن عـدة محـاور: يتنـاول المحـور الأول، أنـواع وبنيـة الأشـكال الموسـيقية بشـكل عـام ثـم يناقـش مبـادئ وأسـاليب تصميـم الأشـكال الموسـيقية. كـما تمـت مناقشـة أشـكال الموسـيقى الكلاسـيكية الأوروبيـة، مثـل الشـكل السـتروفيكي وشـكل الثنـائي وشـكل الثـلاثي وشـكل الرونـدو و شـكل السـوناتا. أمـا المحـور الثـاني فيتنـاول، الأشـكال و الأنـواع الأغـاني في الموسـيقى الكرديـة، والـذي يضـم الأقسـام التاليـة: الأغـاني الشـعبية الكرديـة، والتـي لهـا نوعـان رئيسـيان، الأغـاني الموزونـة والأغـاني غـير الموزنـة (الإيقـاع الحـر) مثـل: الحـيران والـلاوك والبيـت والقتـار وسـياجمانة واللاويـسي. ويناقـش الفصـل الثالـث، خصائـص الأغـاني المؤلفـة وأنواعهـا، وهـي فئتـان رئيسـيتان: الأغـاني الفنيـة والأغـاني التقليديـة. الهـدف مـن هـذا البحـث هـو التعريـف بأشـكال وأنـواع الأغـاني الكرديـة، بمـا في ذلـك الأغـاني المؤلفـة.


الكلمات المفتاحية: الأشكال - الأنواع الأغاني - الموسيقى الكردية - الأغنية المؤلفة


## Abstract

This research is conducted on historical and descriptive methods conducted in a scientific manner. The content of this research consists of several topics: European classical music forms are also discussed, such as strophic form, Binary form, Turner form, Rondo form, Sonata form. The second chapter is the forms and types of songs in Kurdish music, which includes the following sections: Kurdish folk songs, which have two main types, weighted and weightless songs (free rhythm).Hayran, Lauk, Qattar, Siyachemana, Allaweisi. The third chapter discusses the characteristics of composed songs and their types are presented, which are two main categories: Art songs and Pop songs. The aim of this research is to introduce the forms and types of Kurdish songs, including composed songs

.